# ڕەوشی کوردە ئاوارەکانی ڕۆژهەڵات

## دەبێ لە ڕووی مرۆیی و خزمەتگوزاری لە چ  ئاستێکدا بێت

**لە ساڵی ١٩٧٩ و١٩٨٠ ژمارەیەکی زۆر لە بنەماڵە و خێزانەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەهۆی ئەو بارودۆخ و نەهامەتییەی بە سەریان هاتووە، هاتنە باشووری کوردستان لە سنووری پارێزگای سلێمانی مانەوە، بەڵام بەهۆی ڕازی نەبوونیان بە بڕیاری ڕژێمی بەعس ، لە ساڵی ١٩٨٢ گوازرانەوە کەمپی ئەلتاش کە «٨» کیلۆمەتر لە خوارووی پارێزگای ئەلئەنبارە و، ئەو ئاوارە کوردانەش نزیکەی «١٠» هەزار خێزان دەبوون، ژمارەی نەفەرەکان بەگشتی پتر لە «٤٨» هەزار کەس بوو، لە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەلایەن کۆنە بەعسی و تیرۆریستان ژیان لەو کەمپە ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر و ترسناکتر دەبوو، بۆیە کوردە ئاوارەکان بڕیاریاندا بێنەوە سنووری پارێزگای هەولێر و سلێمانی و لە هەردوو پارێزگاش لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری «un» کامپیان بۆ دروستکرا بۆ پتر ئاگادار بوون لە ڕەوشی خزمەتگوزاری و ژیانی ئەو کوردە ئاوارانە سەردانی کەمپی کاوەمان کرد لە خوارووی ناحیەی  قوشتەپەی پارێزگای هەولێر لە ئەنجامدا ئەو ڕیپۆرتاژەی لێکەوتەوە.**



ڕیپۆرتاژ/ ساڵح عومەر
فۆتۆ/ کەمال ئاکرەیی

### ئێش و ئازارەکانی ئاوارەیکانی کەمپی ئەلتاش هەرچەند بگوترێت کۆتایی نایەت

**لە سەرەتا جیهانگیر ئەحمەدی ئەندامی ئەنجوومەنی کەمپی کاوە گوتی:** ئێمە زۆربەمان خەڵکی ناوچەی قەسری شیرین و سەرپێڵ زەهاو و دۆڵی باوەجانین، کە لە ساڵی ١٩٧٩ و ١٩٨٠ ئاوارەی سنووری شاری سلێمانی و ناوچەی «عەربەت و زەڕایەن و مەیدان وکەلار» بووین لە باشووری کورستانی گەورە، «١٠» هەزار خێزان بووین کە خۆی لە «٤٨٦٠٠»کەس پێک هاتبوو لەلایەن ڕژێمی ئەوسای عێراق چەند خێوەتگایەکمان بۆ دانرا، لە پاشان لە بڕیارێکی لە ناکاودا  لە ساڵی «١٩٨٢» گوازراینەوە کەمپی «ئەلتاش»، کە هەشت کیلۆمەتر لە خوارووی شاری ڕومادیە «ئەلئەنبار»، ئەو کەمپەش زۆر ناخۆش بوو لە زیندانێکی گەورە دەچوو، کە چوار دەوری تەلبەندبوو، یەک دەرگای هەبوو چەندین خاڵ چاودێری توندی بۆ دانرابوو ڕۆژانە هەرکەسێک بۆ کاری زۆر پێویست بچووبایە دەرەوە و ناو شاری ڕومادی تەنیا «٣» کاتژمێر مۆڵەتی پێدەدرا و هەر «٥» نەفەریش بە یەکەوە دەبووایە بچنە دەرەوە و بێنەوە.

ئەگەر بێت و باسی ئێش و ئازارەکانی خۆمان بکەین لە کامپی ئەلتاش، ئەوە قەت کۆتایی نایەت، چونکە هەمووومان باش دەزانین











کە حزبی بەعس و سەدامی دیکتاتۆر چەند خراپ و درِەندە بووە دەرهەق بە گەلی کورد.

**پاش ڕووخانی سەدامی دیکتاتۆر کۆنە بەعسی و عەرەبی شۆڤێنی مەرگەساتییان بۆ کەمپی ئەلتاش ناوەتەوە**

هۆکاری هاتنمان بۆ کەمپی کاوە لە کوردستان لە دوای ڕوخانی سەدام، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەعسییەکانی سەدام و عەرەبە شۆڤێنییەکان بارودۆخێکی زۆر ناخۆش و ترسناک و خوێناوی و تیرۆریستییان لە ناوچەکە و شاری ڕومادی خولقاندبوو، کە تەڕو وشک و خەڵکی بێ گوناه پێوە دەسووتان، تا گەیشتە ئەو ئاستەی مانگی تەنیا یەک کاتژمێر و نیو ئاویان پێدەداین و چەندین کەسیان لێ تیرۆر کردین و لاویان لێ سەربڕین و کەسوکارمان هەیە تا ئێستاش بە دوای لاشەی کوڕ و پیاویان دەگەڕێن و بۆیان نەدۆزراوەتەوە، ئێمە یەکەم وەجبەمان لە ٢٠٠٥/٩/٤ هاتینە کەمپی کاوە لە خوارووی ناحیەی قوشتەپەی سەر بە پارێزگای هەولێر، کەمپی کاوە «٢٢٨» خێزانی تێدا دەژی کە ژمارەی دانیشتوانەکەی «١٢٩١» کەسە و «٢١٣» خێزان بە فەرمی لەلایەن «un» ناسراوین، ئەو شوێنەی تێیدا دەژین، زەویەکە لەلایەن بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان بە دیاری بۆمان تەرخانکراوە و لەلایەن ڕێکخراوی قەندیل کە سەر بە «un»ە بۆمان ئامادەکراوە هەر خێزانە دوو خێمە و چێشتخانە و گەرماو W.C بۆ دروستکراوە، لەلایەن un و وەزارەتی بەرگری ئەمەریکی بڕی «٩» ملیۆن دۆلار تەرخانکرا بۆ ئاوارەکانی کوردی کەمپی ئەلتاش لە کەمپی کاوە بە خێمە بنکەی تەندروستی و قوتابخانەی سەرەتاییمان بۆ دروستکراوە و بیرێکی ئاو لە کاتی خۆی لێرە هەبووە ڕۆژانە لە ڕێگای دوو تانکەرەوە ئاومان بۆ دابینکراوە و ، قوتابییانی ناوەندی و دوا ناوەندی دەچنە ناحیەی قوشتەپە.

**بە فەرمانی سەرۆک مسعود بارزانی زەوییەکمان بە دیاری وەرگرت**

**لە تەوەرەیەکی دیکەدا جیهانگیر گوتی:** جگە لەو زەوییەی کە بە دیاری بۆمان تەرخانکراوە، وەزارەتی مافی مرۆڤی حکوومەتی کوردستان و تۆڕی چاودێری خێزان و مانگی سور و ژینگە و ئیدارەی قوشتەپە و شەخسی بەڕێز ڕوشدی خۆشناو بەڕێوەبەری پێشووی ناحیەی قوشتەپە و ئاسایش و خەڵکی ناوچەکە و عەشائیری ئێرە زۆر هاوکارییان کردووین ئەوەی بۆ ئێمە لێرە کراوە لە هیچ شوێنێک بۆمان نەکراوە و قەتیش لە بیرمان ناچێتەوە، هاوکات ئێستا خانوومان لەلایەن ڕێکخراوی قەندیل بە هاوکاری حکوومەتی کوردستان بۆ دروست دەکەن کە لە مانگی «١١»ی ٢٠٠٦ تەواو دەبێت. لە کۆتاییدا داواکارین لە جالییەی کورد، بەتایبەتی ئەو برا و خوشک و دۆستانەی کە لە ئاوارەیی و کەمپی ئەلتاش لەگەڵماندا بوون، ئێستا لە دەرەوەن «گەرچی لە ساڵانی ڕابردوو قەت هاوکارییان نەکردووین و بە دەنگ داخوازی ئێمە نەچوون تەنیا عارف باوەجانی نەبێت لە یەکەم ڕۆژی چوونی بۆ دەرەوە هەوڵ وکۆششی داوە کە دەنگ و ئازاری ئێمە بگەنێتە «un» لە مەودوا بە ڕاپۆرت و ڕێپێوان و نووسین داکۆکی لە مافی ئێمە بکەن و بەرزی بکەنەوە بۆ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و «un» ، چونکە ئێمە ماوەی «٢٧» ساڵە لە نەهامەتیدا دەژین، تا ئێستاش نازانین ئاوارەی سیاسین یان ئاوارە و سووتەمەنی شەڕین یان دیلی جەنگین و تا ئێستا کەس بژێوی ژیانی دابین نەکردووین، تەنیا بە دەست و قامکی خۆمان نەبێت و لە حکوومەتی هەرێمیش تا ئێستا هیچ مووچەیەکمان بۆ دابین نەکراوە، «٦٠» کەسمان لە شارەوانی هەولێربەشێوەی کاتی مانگانە (٢٥٠) هەزار دیناری هەیە، هەندێ خێزان و کەس لە کێڵگەکانی پەلەوەر کاردەکەن و زۆربەشی کاری کرێکاری دەکات هەیە مانگی (١٠تا ١٥) ڕۆژ کاری دەست دەکەوێت.

**گەیاندنی داوا و ئومێدەکانی پەنابەرانی کوردی ڕۆژهەڵات بە UN گەورەترین کاری مرۆڤایەتییە**

هەر لە کامپی کاوە عارف باوەجانی کە یەکێک بوو لەوانەی کە لە کامپی ئەلتاش ژیاوە لە ساڵی (١٩٩٧) چۆتە وڵاتی نەرویژ، ئێستاش ماوەیەکە بەسەردان گەڕاوەتەوە بۆ لای دۆست و ناسیا و خزمەکانی لە بۆ چەندین کار و زانیاری کە لە دەرەوەی وڵات ئەنجامیداوە بۆ خزمەتکردنی ئاوارەکان دواندمان و گوتی: من لە دایکبووی ساڵی (١٩٧٣)م، ئەو ژیانە تاڵەی کە برادەران و خزمان باسیان کرد لە کەمپی ئەلتاش منیش دیومە، پاش (١١) ڕۆژ لە گەیشتنم بە وڵاتی نەرویژ لە ڕادیۆی کوردی ئەمەریکاوە دیمانەیەکم

لەگەڵ سازکرا، بە تێروتەسەلی باسی کوردە ئاوارەکانی کەمپی ئەلتاشم کرد و، بۆ گشتی خێزانەکان سەردانی ڕێکخراو و کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ و UNو نەرویژیم کرد و بۆ ئەوەی باشتر کاربکەم بۆ ئەم بوارە خۆم کردە ئەندامی پارتی سۆشیال چەپی نەرویژی بەمە توانیم کێشەی ئاوارەکانی کوردی ڕۆژهەڵات بگەینمە پەرلەمانی نەرویژی و پەرلەمانی نەرویژی بانکی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەری نەرویژی کردووە و گفتوگۆیان لەگەڵ ئەنجامداون، لەم هاتنەوەش سەردانی پەرلەمانی کوردستانم کرد و لەگەڵ بەڕێز کەمال کەرکووکی جێگری سەرۆکی پەرلەمان دانیشتین بۆ ئەوەی ئەم ئاوارانە لە باشووری کوردستان وەکو پەنابەری سیاسی بناسرێن جەنابی جێگیری پەرلەمان زۆر بە باشی پێشوازیی لە قەزیەکە کرد و داوای کرد کە ئەنجوومەنێکی ئەو کەمپە (کاوە) لە نزیکەوە ببینی و بیانناسی و داخوازییەکانیان بخەنەڕوو، لە کاتی هاتنی ئاوارەکان و کردنەوەی ئەم کەمپە سەرۆک مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان هەوڵ و هاوکاری ڕاستەوخۆی بۆ دابینکردوین، بەڵام ئەگەر ئێستا سەیری ئەو کەمپی کاوەیە بکەین خەڵکەکەی زۆر ماندوو بە ئێش و ئازارن و ژیانێکی ناخۆش دەبەنە سەر پێویستە بە هەموو لایەک کاریان بۆ بکرێت و ئەوانەی چاوەڕوانی وڵاتی سێیەم دەکەن ئومێدەکەیان بۆ جێبەجێ بکرێت.

لە کۆتاییدا سوپاسی دەزگای ئاراس و بەڕێز بەدران حەبیب دەکەم کە ژمارەیەکی زۆر لە پەرتووکی پێشکەشی پەرتوکخانەی کەمپی کاوە کرد، ئاواتەخوازم دەزگا و کەسانی دیکەش کۆمەکی پەرتوکخانەکەی کەمپی کاوە بکەن.

## (نان و ئازادی بەبێ یەکتر نابێت)

هەروەها محەمەد عەزیزی گوتی: لە کەمپی ئەلتاش نانمان هەبوو، بەڵام ئازادیمان نەبوو، لە کەمپی کاوەش بەگشتی ئازادیمان هەیە، بەڵام نانمان نییە و نان و ئازادیش بەبێ یەکتر هیچ مانایەکی ناگەیەنێ ئێمە نامانەوێ دەست پانبکەینەوە و سواڵکەر بین، ئەگەر لە برسان بمرین ناتوانین لە کەس داوای نان بکەین، بەڵام من لێرە چەند خاڵێک هەیە داوای دەکەم و دەیخەمەڕوو، چونکە کردنی خانوو و پاراستن و ئاسایش و هاوکارییەکانی UN و حکوومەتی کوردستان و هەموو لایەک شایانی ڕێز و پێزانین و سوپاسە، بەڵام ئێمە بە مادەی موسەکین و مادەی بێهۆشکاری دەزانین بەڵکو ئەو خاڵانەی دەیخەینەڕوو ئەمە ئامانجی هەموو کەمپەکەیە.

١- گەڕانەوەی ئەو خێزانانە بۆ سەر زێدی باو باپیران لەژێر سایەی و چاودێری (UN) و گەڕانەوەکە یاسایی بێت و قەرەبووش بکرێینەوە لەو زەرەر و زیانەی پێمان کەوتووە.





٢- ڕێژەی لە (٤٥٪)ی لە خەڵکی ئەو کەمپە دەیەوێت لە باشووری کوردستان بمێنێتەوە بە مەرجێ هەق و مافی پارێزراو بێت وەکو هەر هاووڵاتییەکی دیکەی کوردستان.

٣- لە ١٠٪ تا ١٥٪ خێزانەکانی ئێرە ئەگەر هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەسەر تاپۆ بکەی هەر ئومێد و حەزی لەوەیە بچیتە وڵاتی سێیەم بە پەنابەری سیاسی لەم ڕووەوە داواکارین (UN) هەوڵی جددی بخاتە گەڕ.

## کەمپی کاوە پێویستی بەجۆرەها خول هەیە بەتایبەتی بۆ ئافرەتان

هەروەها خاتوو سروە عەزیزی گوتی: ئێمە لە کەمپی ئەلتاش وەکو ئافرەتان و کچان لە خوێندن بێبەش بووین، ئێستا لێرە قوتابخانەی سەرەتایی هەیە، هەر منداڵێک بیەوێت بخوێنێ بواری بۆ ڕەخساوە، بەڵام وەکو ئافرەتان پێویستمان بە خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری و پەرستیاری و کۆمپیوتەر و دروومان هەیە و لە کامپەکەمان پەرتوکخانەیەکی تێدایە داواکارین لەلایەن دەزگاکانی چاپەمەنی و ڕاگەیاندن هاوکاریمان بکەن لە کۆمەکی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتاب.

لە بواری خزمەتگوزاری تاڕادەیەک باشین و ئومێد دەخوازین لەم لایەنانەش پتر هاوکاری بکرێن هاوکات لە کەمپەکەدا چەندین پیاو و ئافرەتانمان دواند کە هەریەکەی کۆمەڵێک ئێش و ئازار و داواکاری و ئومێدی لە ژیاندا هەبوو.

ئافرەتێکی خاوەن سێ منداڵی بچووک کە ناوی نەهیە عەزیم بوو کە پیاوەکەی لە پێکدادانی ئۆتۆمبێل مردبوو گوتی: کەسوکار و ناسیاوی ناو کەمپەکە هاوکاری و یارمەتی مادیم دەدەن، دەنا کەس نییە بمانژێنێ بۆیە لێرەدا داواکارم لە حکوومەتی کوردستان موچەیەک بۆ ئەو هەتیوانەم ببڕێتەوە بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا ببنە کوڕی وڵاتی خۆیان و خزمەت بە گەلی کورد بکەن.

## چەندین خێزان لەبەر بێ باوکی بە کولەمەرگی دەژین

هەروەها خێزانێکی دیکە کە کوڕەکەیان ناوی شاهۆ محەمەد بوو قوتابی چواری کۆلیژی ئەندازیاری بە دەستی تیرۆریستان ڕفاندراوە و لە پاشان کوژراوە، کە تا ئێستاش لاشەی جوانە مەرگیان بۆ نەگەڕاوەتە، داوایان ئەوەبوو کە UN و مافی مرۆڤ و هەموو دنیا چارەسەرێکی ئەو ئاوارەیەیان بۆ بدۆزینەوە و لەم مەرگەساتە ڕزگاریان بکەن.

هاوکات خێزان هەبوو دایک و هەشت منداڵی تێدا دەژیا گەرچی باوکیان بەبێ هۆ لە زیندانە لەلایەن ئەمەریکییەکان گیراوە داواکاری ئەوانیش بەربوونی باوکیانە و باشبوونی باری گوزەرانیانە.

هەروەها زۆربەی خێزانەکان لە بارودۆخێکی ناخۆش دەژیان باری داراییان زۆر خراپبوو بەتایبەتی پیر و بەساڵاچووەکانیان.